# ئاکسیونێك لە خۆێندکاران   گوڵێك لە درەختی دیموکراسیەت

**پەیامنێری کوردستاننێت : کەرکوك**

ئەمرۆ ١٢-٥-٢٠٠٣ سەر لە نویٚ خۆینکاران پرۆسەی ئازادی خۆیان بە ئاکسیونێکی هێمنانە بۆ نەهێشتنی مانەوەی بەرماوەی رژێمی بەعس بیٚڕیٚوە برد .. بەڵیٚ ئەمرۆ  بەیانی خوێندکارانی دواناوەندی جمهوری کچان گەیشتنە بەردەمی پارێزگای کەرکوك،  بۆ دەربرینی هەست و داواکارەکانیان لە هێزە ئەمریکا یەکان کە بریتی بوو لە لادانی سیٚ مامۆستا لە سەرەکارەکانیان کە سەر بە بەعس بوون و لە ئێستا قوتابخانەکانیان لیٚ داخستوون و سۆکایەتی بە چەند کچی خوێندکاری کوردیان کردوە هەبۆ ئەم مەبەستە نزیکی سیٚ سەد خۆیندکاری دواناوەندی ناو براو هاتنە  بەردەمی پارێزگاو نوێنە رایان لە گەڵ کۆڵۆنێڵ  مای فیلٚ گڤت و کۆیان کردو ئێمە لە گەڵ نوینەران چاوپێکەوتنمان کردو وەتیان .. من ناوەم ئافرایە کچە کوردێکی خۆیندکارم زوو تر بە هۆی بەعسیەکانەوە وەزعمان لە ناوەوە و دەروەی قوتابخانەکە باش نەبوو نە لە سەر ئاستی دەرونی نە لە سەر ئاستی فێربوون چونکە لای بەریوبەری مەکتەبەکەمان مەبەست نەبوو ئێمە فێربین بە ئەندازەی ئەوەی ئێمەببین بە بەعسی ..ئێستا هەمان بەریوەبەر بەرێوەبەرمانە و دەڵێت مەکتەب نیە زۆربەی قوتابخانەکانیش دەوام دەکەن ... ئەی ئێمە بۆ دەوام نەکەین ... دەڵێت من ئیعتراف بە حکومەتی کوردی ناکەم وصەدام حوسین دەگەرێتەوەو ... دەرگای قوتابخانەکەمان کلیل دراوە ... ئێمە خۆزیارین ئەمریکایەکان بەدەنگمانەوە بێن چی تر نەهێڵن بەعسیەکان ئازارمان بدەن ... بائێمە بتوانین بەو تەمنە کە ماوەمانە تۆزیٚ لە سایی ئازادی یەوە بژین و فێربین و خزمەتی گەلەکەمان بکەین ... من پیٚم وایە هێزەکانی ئەمریکا هاوکاریمان بکەن ... چونکە ئەوان هاوکاری گەورەتریان کردوین بە نەهێشتنی سیتەمی سەدام حوسین وبەعسییەکان ...وهەروەها مامۆستا دیمەن هەڵبژاردەی خوێندکاران ومامۆستایانی دواناوەندی جمهوری وتی من  لە لایەن مامۆستایانی قوتابخانەکە هەڵبژێردراوم بە ئامادەبوونی سەرپەشتیاری مەکتەب سەر بە بەرێوەبەرایەتی پەروەردە ... پیٚم وایە ئەمریکا بە بەدەنگی ئەم خوێندکارانەوە بێن کەژمارەیان لە سیٚ سەدکەس زیاترە کە چەند بەپیٚ هاتوون زەحمەتیان کێشاوە داواکانیان بەرزکردنی ئاستی فێرکردنەو بەریوە بەرێك هاوکاری پرۆسەی خویندن بیٚ ...

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

دواتر مای فیڵ لە گەڵ خوێندکاران بەپێ لەگەڵیان تاقوتابخانەکە ڕۆیشت کە حاکمی " دادوەری " سەربازی ئەمریکی یە لە کەرکوك وپەرپرسی یەکەمە لە شاری کەرکوك ئێمەش لە ڕێگادا چاو پێکەوتنمان لە گەڵدا سازوا بۆ ئەم مەسەلەیە ...

- ☐ ئەم کاتەت باش
- ئەم کاتەت باشتر.

- ☐ بەرێز دەبینم بە پێ لە گەڵ خوێندکار بەرێ کەوتی بەروکوێ دەچی ؟
- دیارە خوێندکاران کێشەیان هەیە لە قوتابخانەکەی خۆیان منیش دەمەوێ وەکو ئەوان بەپێ بڕۆم تاکو بزانم بۆچی ئەمرێگایەیان بڕیوە و هاتوون بۆلای من ...

- ☐ ئایا بەرێزان بەریوەبەر کەیان بۆ دەگوریت وەك ئەوەی خوێندکاران داوای دەکەن ؟
–نەخێر من دەچم بە باشی گوێم لە کێشەکانی بێت و دەڵێن مەکتەب داخراوە بزانم بۆچی داخراوە ... دواتر بریاری خۆم ئەدەم بە خوێندکاران لە خوێندنگای خۆیاندا .

- ☐ بەرێزت کەسێکی سەربازیت دەسەڵاتی ئیدارەی کەرکوکت بە دەستە ؟! .
–راستە منی سەربازم بەڵام دادوەری سەربازیم لە کەرکوکدا بەپێی یاسایەکی ئینسانی موئامەلە لە گەڵ کێشەکان دەکەین دەسەڵاتی گورینی بەریوە بەریشم هەیە .

- ☐ واتا گەر بزانیت بەریوەبەری سەر بەعسە لای ئەدەی ؟
–نەخێر نەك بەو شێوەیە گەر بزانم بەریوەبەری ئێستا ناتوانێ خزمەتی هەموو خوێندکاران بکات بە یەك چاولای دەبەم .

- ☐ واتا ئەم بریارەی بەرێزت لە خوێندنگاکە کوێمان لێ دەبێت ؟
- بەڵی
- داوای گەیشتنمان بۆ خوێندنگاکە تەنها ڕۆژنامەنووس بووم ئامادەی لێکوڵینەوەکە بووم ... مای فیڵ پرسیاری کر دەوام تاکات ژمێر چەند بەردەواوە؟ ... وتیان تا کات ژمێر ١٢,٤٥ نیوەرۆ وتی بەڵام ئێستا بۆ دەرگاداخراوە؟ ... هاوکاری " بریکاری " بەریوەبەری رابردۆ وتی نازانم ... پرسیاری کلیلی قوتابخانە کرا لە لایەن فیڵ ەوە ... بریکار وەتی لای من نی‌یە پرسیاری بەریوە بەری کرد وەتیان لێرە

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

نی‌یه ... دواتر بوویان ده‌رکه‌وتن که به‌ریوه به‌ر نه‌ك ته‌نها به‌عسی یه به‌ڵکۆ له دژی خوێندکارانی کورد ده‌جه‌نگیٚ بۆیه مامۆستا دیمه‌ن یان به‌به‌ریوه‌به‌ر به خویندکاران و مامۆستایان وئیٚمه ناساندا ... فیٚلٚ وتی: راستی ون نابیت ، ئه‌وانه‌ی ئیٚستا دیفاع له رژیٚمی سه‌دام ده‌که‌ن ... من ده‌لٚیٚم سه‌دام سیسته‌مه‌که‌ی نه‌ما ڕۆخا ئیٚستاخه‌ڵکی عیٚراق خۆی حوکمی خۆی ده‌کات ئیٚمه له سه‌ر داوای ئیٚوه‌ی عیٚراقی و خویندکار و مامۆستایان ، مامۆستا دیمه‌ن به به‌ریوه‌به‌ره ده‌ناسین...

ئیٚمه‌ش پیرۆزبایی له خویندکاران و مامۆستایانی خویندنگای جمهوری ده‌که‌ین که توانیان داواکانی خۆیان بسه‌پیٚنن.پاشان خویٚندکاران ده‌ستیانکرد به هاوارکردن وده‌یانگوت:

چی‌تان ئه‌ویٚ کورده‌کان ... سه‌ر برینی به‌عسییه‌کان ...

ئه‌م درۆشمه THANK YOU U.S.A. و ئیداره‌ی چاك بۆ دوا رۆژیکی چاك وئالاّی ئه‌مریکی وبریتانی له ده‌ستی خویٚندکاران بوو خۆشی خویٚندکاران وه‌سف نائه‌کرا کاتی خویٚندکاریٚك وه‌تی ئه‌مه گوڵه‌که‌ی دیموکراسیه‌ته بۆ ئیمه‌ی خویٚندکاران سوپاسی ئه‌مریکا ده‌که‌ین ئه‌مرۆ نیشانه‌ی سه‌ربه‌ستی به ئیٚمه به‌خشی ... ریٚپیوان و داواکانمان ... به شیٚکن له دیموکراسیه‌ت ...

ئه‌وها ئیداره‌ی خویندکاران له قوتابخانه‌یه‌ك چه‌سپی ئایا ئیداره‌ی عیٚراقییه‌کان له داهاتووی عیٚراقد ده‌چه‌سپیٚت؟؟

ئه‌مه پرسیاری زۆربه‌ی عیٚراقی و رۆژنامه نووسانه وولاّتی له داهاتووی حکومه‌تی عیٚراقی ره‌چاو ده‌کریٚت

سابیری محمود داماو

٢٠٠٣/٢/١٢

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت